# بیرورا

بیرورای هەندێ لە **لیکۆڵەران و نوسەران** لەبابەت راپەرینی مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین. واسیلی نیکتین لەکتێبی کورد و کوردستاندا ئەو راپەرینەی شێخی لە ژماری بزاوگەلی (جونبوش گەلی) نەتەوەیی (میللی)کورد، داناوە و جەلیل جاسم جەلیل لەکتێبی راپەرینی ساڵی ١٨٨٠ی زاینی،کوردەکان، بەناوی **راپەرین ناوی** بردوە وکریس کۆچەرا لێکۆڵەری سیاسی و رەفیق سابیر و خەلفەین و جەلیل جاسم و حسین مەدەنی و دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) و بروئین بەناوی **راپەرینی** (میللی) نە تەوایەتی و ناسیونالیستی ناویان بردوە. نادر ئینتیسار و بلیچ شێرکۆ و مینۆرسکی رایانگەندوەکە هەدەف و ئامانجی شیخ عوبەیدیلا ئەوە بووە، تا **دەوڵەتی کوردستانی** یەکپارچە و سەربەخۆ بەدی بێنێ.

بەلاّم لێکۆڵەرانی وەکو: ژەرارشالیان و موجتەبا برزویی وکەندال، لەوەی کە ئەو بزاوە، بە راپەرینی میللی دابنێن خۆیان راگرتووە. نوسەرانی وەک: (مەکداویل و رابێرت ئۆلسۆن) دودڵن ـ شێخانی شەمزینی نەهری کە ئاسان دەیان توانی مرۆیانە گیروگرفت و کێشە و قرەقری نیوّ خەلّک وکەند وکۆسپی نێو هۆزەکانی کوردەواری، چارەسەر بکەن، ئەوکارو ئاکارە جەمیلانە پلەی شیخانی ئەهری گەیاندە پلەی رابەرانی سیاسی و رامیاری و هەر ئەوەش بووە هۆی پەرەگرتنی مریدان و مەنسوبان و شوێندانانێ بەرفرە، بەگشتی لە نێو چینە جیاجیاکانی کوردەواریدا، بەشێوە یەکی وەها بەر بلاّوکە دەنگ و ئاوازە و مرۆفانی پایە و پلەی شێخ عوبەیدیلا، تا ئەورادە چووە سەرێ کە موسوڵمانانی ولاّتی عوسمانی، دوای سوڵتانی عوسمانی و شەریفی مەکە ئەو زاتەیان بە پاکترین و موقەدەسترین و بێخە وشترین کەس دەناسی، بە هەزاران کورد، ئەو زاتەیان بە رەسول و نێردراوی خودایان، دەزانی و لایان وا بووکە لە لای خوداوە هاتووە و ئامادەبون بێ دودڵی ببنە مریدی و پەیرەوی لە دەستوراتی ئەو بکەن، دیارە هەرئەوانەش بونە هۆی بە

دەس هێنانی سامان و دەس مایە و سەروەت، دیارە ئۆگرداربون بۆ کەسبی سەروەت و بە دەس هێنانی ماڵ و سامان، خۆیی باشترین نیشانەی ئەوە بووە کە شیخ عوبەیدیلا بتوانێ بە سەرۆکایەتی دنیایی بگاو هەر ئەوەش بووە هۆکە شیخ سەرەرای رێبەری دینی و مەزهەبی و رێبەری رێبازی تەریقەت، بە وێنەی رێبەرێکی سیاسی و رامیاری دەرکەوێ بە واتایێ دیکە، هەروەک رێبەرێکی مەعنەوی و دنیایی بە عام کار بکاتە سەر خەڵک.
لۆرد کیرزۆن لەو بابەتە وە دەنوسێ: (دەنگ و ئاوازەی پاک و موقەدەسی و لە کارزانی و نان بدەیی شیخ عوبەیدیلا بەهەمو شۆنێکدا پەخش و بڵاو بوەوە، بەجۆرێ کە رۆژانە لە دیوەخانی شێخدا زیاتر لە ٥٠٠ تا ١٠٠٠ کەس نان دەخواو لەهە ڵسوراندنی کاروباردا بە قودرەت و هەیبەت رەفتار دەکا، لە راستیدا لە نێوکورداندا هەروەک: ـ سوڵتان و پاشا تەماشای دەکرێ و رێز بۆ شێخ دادەندرێ، بە پەرە گرتنی هێزو قودرەتی شیخ عوبەیدیلا، حوکومەتی عوسمانی و قاجار لە ئێران و تەنانەت حوکومەتی روس و ئینگلیس حیسابێ تایبەتیان بۆ قودرەت و نفوزی شیخ لە بەر چاو گرتبو و فرەیش موحتاتانە، هەڵس و کەوتیان لە گەڵدا دەکرد و لە بە رزەفری ئەو زاتە ترس نیشتبووە سەردڵیان و تێدەکۆشان تا هەر جۆر بووە دڵی بە دەس بێنن، هەرچەند شیخ لە جەنگی ١٨٧٧ ـ ز ـ بە دژی روس هاوکاری عوسمانی کرد، بەڵام شیخ و کوردەکان قەت لە تورکانی عوسمانی رازی نەبون، هەرئەوەیشە قوریانسە شەلەی ئەرمەنی لە کتێبی راپەرینی شیخ عوبەیدیلا شەمزینی... دا لەو بارەوە نوسبویەتی شیخ و پەیرەوانەکانی قەت نە لایەنگری حوکومەتی عوسمانی بون و نە بە قسەیشیان کردون و هەمیشە تورکی عوسمانیان بە دوژمنی کورد، زانیوە، چونکا بزاوی بە درخان پاشا و کورانی ئەو، هەر وەها میری رەواندز میرمحەمەدی گەورە و... بە دەسی تورکی عوسمانی تیاچون، کاروکردەوەی تورکی عوسمانی هەمیشە بە دژی کورد و کوردستانی بووە.
لە کۆلکەی ١٨٧٩ شیخ خۆی سازدا بۆ هێرش بۆ سەرکار بە دەسانی تورکی

عوسمانی، جا هەر لەبەر ئەوە بو سەرانی ئێلی کوردی بۆ دو دانیشتن بانگ کرد: بە ناوی (مەجمەعی سەرانی عەشایری کورد: مەجمەعی شەمزینان) لەگۆنگرەی یەکەمدا شیخ قسەی لە پێویستی بە دیهێنانی یەک (مەجمەعی کوردی) کرد و بە ئاشکرا لەوەی کە عوسمانی هێرش دەکەنە سەرئەرامنە و دەیان کوژن، فرەسەخت موخالە فەتی خۆی راگەیاند، هەندێ لە سەرانی کورد، کە نوکەری عوسمانی بون، هێرش بۆسەرئە رامنەیان پێ خۆش بو، بەلآم شیخ عوبەیدیلا نەهری زۆربە ئاشکرا رای گەیاند دژ و دوژمنی کورد، تورکی عوسمانی یە، نەک ئەرمەنی. لە شەمزینان کە ٢٢٢ کەس لە سەردارانی کورد و سەروک هۆزەکانی کورد، کەسانێ وەک هەمزای مەنگور و عەلیا غای بدلیسی و خەلیفە سەلیم و... لە خزمەتیان بون لە فەتوایەکدا فەرموی: (کەس ماف و حەقی ئەوەی بۆ نیە دەس بۆ ماڵ و ناموس و دارایی خوشک وبرا ئەرمەنی و مەسیحی و نەستوری یەکان درێژبکا، چونکا ئەوانە، ئەگەر موسوڵمانیش نەبن، وەکو ئێمە ئینسانن ولە ئینسان بوندا هەروەکو ئێمە مافی بەرانبەر و حەقی ژیانیان بۆ هەیە و هەروا خوا لە سورەی ئیسرا ئایەتی ٧٠ فەرمویەتی: (وَ لَقَد کَرَّمْنا بَنی آدمَ...) مافی کەرامت، کە رامەتی زاتی و مافی ئازادی مەعقول بۆ هەمو مرۆڤێکە، خودا مافی کە رامەتیزاتی و ئیکتیسابی بە مروڤ داوە کە فەرمویەتی: (یا أَیُّها النَّاسُ إِنّا خَلَقْناکُمْ مِنْ ذَکَرٍ وَ أُنْثیٰ وَ جَعَلْناکُمْ شُعُوباً و قَبائِلَ لِتَعارَفُوا إِنَّ أَکْرَمَکُمْ عِنْدَ اللهِ أَتْقیٰکُمْ حوجورات ١٣) ئەم کەرامەتە دوەمە کەرامەتی بایەخی و نرخاندنە،کە خوا لەم ئایەتەدا بەیانی کردوە، کە وابو مافی ژیان، مافی کەرامەت و مافی ئازادی مەعقول بۆهەموکەسە، وە ئێمەی کورد، کە پەیرەوی قورئان و موسوڵمانین، بە پێی قورئان دەبێ لە ئیسلام و موسوڵمانان و چەو ساوان و ستەم لێکراوانو کورد، دیفاع بکەین و دەسی حاکمانی تورکی عوسمانی و قاجار و ریشەی زوڵم و زاڵمان و مارزان، لەبن دەربێنین. نەک خۆمان زوڵم و ستەم بکەین و هۆی بە دنیۆی بۆ خۆمان بە دی بێنین. دیارە ئەگەر مروڤ ئاوا بیربکاتەوە، گورگ و مەرپێکەوە

ئاو دەخوێنەوە ئەم فتوایە لە روناکی ئورگانی حیز بلاّ شۆرشگێری کورد ژمارەی ٢ سالّی یەکەم ١٩٩٢/٤/١٧ی زاینی و لە کتیبیّ راپەرینی مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین پەرەی ٨ چاپی وەزارەتی روّشن بیری (فەرهەنگ) هەولێر بە قەلّەمی دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) چاپو بلاّو کراوەتەوە و جارێکیش بۆ کلیسای ئەرمەنی یەکان لە تاران لە شەقامی کەریمخانی زەند لە ٢٠٠٥ی زاینی، نێردراوەکە لە خوێنیشان دان بە دژی قەتل و عامی ئەرمەنی یەکان بە دەسی تورکی عوسمانی جار بە جار دەیان گوت کوردیش هاری کاری تورکی عوسمانی کردوە.

شێخ لە دانیشتنی دوەمدا لە نەهری کە بیست کەس لە سەرانی عەشایری کورد و کەسایەتی روّحانی و بەگزادەکان بەشدار بون و شیخ لە کۆبونەوەی نەهریدا لە پێویستی **سازدانی کوردستانی سەربە خۆ** و چەکدارانە هیرش کردنە سەرکار بە دەسانی دو حوکومەتی تورکی عوسمانی و قاجار لە ئیران قسەی کرد، بەلاّم ئینگلیس رازی نە بو هێرش بکرێتە سەر عوسمانی و عوسمانیش بەلّێنی بە شێخ دابو کە لە هێرشی بو سەر قاجار یارمەتی بدا و هەروەها خەیانەتی هەندیّ لە سەرانی کورد، لە ئاکامدا شیخ هێرشی کردە سەر قاجار، چونکا شیخ فرەحەزی لە نێزیکی ئینگلیس دەکرد تا بە لّکوبۆ سەربەخوێی کوردستان یارمەتی بدا و تەنانەت شیخ لە ریّگای (میستێر ئابوّت) کوّنسولی ئینگلیس لە تەوریز، بارودوخی کوردستانی بۆ ـ دەولّەتی ئینگلیس شیکرد بوّوە، بەلاّم ئینگلیس لە بەر پاراستنی قازانجی خوّی لە هەرێم، دەیویست شیخ هێرش بۆ قاجار بەریّ تا قاجار لاواز بییّ و عوسمانی لەکزی وکەنەفتی لە راست روسیەدا بپارێزریّ، تا لەو رێگاوە پتر لە سەر عوسمانی شوّین دابنێن و سەرنجی روسیە بۆ ئێران رابگرن و قازانجی ئینگلیس لە ئێران زیاتر دابین بییّ، جا هەر بوّیێ پیان خوّشبو شیخ هێرش بکاتە سەر قاجار تا روس بیرلە قازانجی خوّی لە ئێران نەکاتەوە، ئەوانە بونە هوّکە شیخ لە بەشی کوردستانی بن دەسی قاجار هێرش بۆ سەر قاجار بەریّ بە تایبەت کەئیقبالّ دەولّەی قاجار حاکمی

(ورمێ) بێ ڕێزی بە شیخ عەبدولقادر کرد بوو هەمراغای مەنگوریش لە دەس زوڵم و ستەمی حاکمی سابڵاغ (مەهاباد)ی موکری ئاوارە ببو، بە پێی نوسراوەی (دوکتور جەلیل) شیخ باش زانیبوی هەندێ لە سەرانی کورد، ناخوازن بە دژی عوسمانی هێرش ببرێ و هەروا شیخ باش تێگەیشتبو بە قازانجی کورد نیە پەلاماری (ئەرمەنی) بدەن و ئەوەی لا پەسەند نەبو، جائەبو بە پێچەوانەی مەیلی باتنی خوێ لە پێشداهێرشی کردەسەر قاجار، لە دوقوڵەوە، یەکێ بەرابە رایەتی شیخ خوێ بۆسەرشاری ورمێ، قوڵی دوەمیش بە رابەری شێخ عەبدولقادر و یارمەتی هەمزاغای مەنگور، کە ڕوژی هەینی ٢٦ شەوالی ١٢٧٩ و ڕێکەوتی ١٨٨٠ - ز - سەبید شیخ عەبدولقادر و هەمزاغا شاری میاندواویان گرت و لەبەر بێ بەرنامەیی دەسیان کرد بە تالان و برین و بەها و بیری لەگەل ئیمام جومعەی سابڵاغ کە تەبلیغاتی بە جیهاد، بە دژی شیعە دەکرد و لە ئاکامدا ڕاپەرین لە ئامانجی خوێ کە ئازاد کردن و سەر بە خوێ کورد و کوردستان بو، فرە دورکەوتەو ەو شیخێش دوای ناکامی و ئاگاداربون لە خەیانەتی تورکان، خوازیاری یارمەتی ئێران بو تا بۆ سەر عوسمانی هێرش ببا و توڵەی ئەو خەیانەتەیان لێ بکاتەوە، بەڵام حوکومەتی ئێران وەلامی نەری پێداوە، دەوڵەتی ئینگلیس کە لە نیەتی شێخ ئاگادار ببو، لە ڕێگای (میستێر گوشین) سەفیری خوێ لە ئەستامبوڵ لە تورکی عوسمانی ویست شیخ سزا بدەن و بیدەنە دەس قاجار. سەرەنجام عوسمانی بە ڕاسپاردنی ئینگلیس شیخیان بۆ حیجاز: عەرەبستان دور خستەوە و لە زیندو کردنەوەی ڕاپەرین بەرگیریان کرد. بە داخەوە کۆمکار: (جامیعەی) کوردەواری ئیبتیدایی و سەرەتایی بوو نەیتوانی بەئاکام بگا. هەرجۆر بێ دیارە تاریخچە و فەلسەفەی ڕاپەرینەکانی کورد بەگشتی لە رو داوی جەنگی چالدران، سەرچاوەی گرتووە، کە لە ساڵی ١٥١٤ - ز - و ڕێکەوتی ٩٢٠ مانگی کە لە ٢٠ فەرسەخی تەورێز لە دەشتی چالدران کوشت و کوشتاری صەدفەوی کورد و تورکی عوسمانی لە یەکتر غەوغای دەکر، بەڵام لە ڕاستیدا **هەرکورد بو لەو نێوەدا** دەبونە قوچی

قوربانی شەڕی ئەو بە دفەڕانە، جگە لە دابەشبونی کوردستان کە بۆ چەندین ساڵ، هەم صەفەوی و هەم تورکی عوسمانی کوردیان قەڵت و بڕدە کرد و کوردیان بە دەسی کورد، دە کردە قوربانی ئەوشەڕە بێ فەڕە، هەر وەکو سولتان سەلیمی تورکی عوسمانی رای گەیاند بو (دیوارێکی لە گۆشت و خوێن لە نیوان صەفەوی و عوسمانیدا لە کوردان ساز داوە) جاکەبەو جۆرە کوردستان ببووە گۆمی خوێن و روی لە هەرلا دە کرد، خەیانەتی پیێ دە کرا جاهەر لە بەرئەوەبو راپەرینی بە راستی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان گڕی گرت و دەوڵەتی بچوک بچوک و نیوە سەر بە خۆ سازدرا، وەکو (میرنشینی بابان) ئەردەلان و راپەرینی میر محەمەد رەواندزی میری گەورە (١٨١٤ ز و بە درخان پاشا لە (١٨٤٥ ز) و راپەرینی مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین لە: (١٩٧٩ و ١٨٨٠ ی زاینی) کە ئەم راپەرینەی ١٨٨٠ بە یەکەم راپەرینی میللی و نەتەوایەتی کورد هاتوتە ژمار. -

□ - تاریخ دەنوسی: لە ٢١ صەفەری ساڵی ١٣٣٩ی مانگی بەهوی میرزا عەلی عەسکەرابادی و فەتح سەلتەنەونو سرە تولمولک بە نوێنەری حوکومەتی ئیران عەصای مورەصەع بە سمکۆی مەزن: سمایل خانی شکاک دراوە و نازناوی نوصرە تولمولکی پێی دراوە و کراوەتە حاکمی رەسمی سەرحەدات و سنورە کان - بزاوی سمکۆ بۆ ئازادی کوردستان بەرابەری ٤٠ هەزارکەس لە عەشایری شکاک لە رۆژاوای دەریاچەی ورمێ **بەناوی راپەرینی میللی و نەتەوایەتی کورد،** لە ئێران لە ساڵی ١٩٢٠ دەسی پیێ کردوە و تا ساڵی ١٩٣٠ی زاینی بەناوی تەنیا قودرەتی هەرێمی رۆژاوای دەریاچەی ورمێ، بەردەوام بووە بەڵام هەروەکو لە ٣ مارسی ١٩١٨ - ز - مارشیمۆن بنجامین ئاسوری کوشت، خۆیشی هەربە وشێوە لە شنۆ بە هۆی ئێرانی یەکان لە ٢١ ژوئینی ساڵی ١٩٣٠ز شەهیدکرا.

□ لە ١٩٣١ شیخ جەوەر تەفار لە عەشیرەی پرهێزی کوردی هەمەدان بە دژی

حوکومەتی ئێران راپەریوە.

□ لە ٢٨ ئوکتوبری ١٩٣٦ - ز - ژەنرال بەکر صدیقی کورد، بە دژی حوکومەتی عیراق راپەریی.

□ لە ١٦ سپتامبری ١٩٤١ لە مەهابادی موکری کۆمەڵەی ژێکاف سازدراوە.

□ رەشید عالی گەیلانی کورد لە ١٩٥٨ - هاتەوە بەغا و لە دیسامبری ١٩٥٨ بە تۆمەتی دژی کردن لەگەڵ قاسم زیندانی کراو لە موحاکەمەی نهێنی مەحکوم بە لەدار دران کرا، بەڵام لە ژولای سالی ١٩٦١ بە کەڵک وەرگرتن لە عەفوی گشتی ئازاد کرا و باقی عومری لە تەبعید، رابرا و لە ٢٨ ژوئینی ١٩٦٥ زوەفاتی کرد.

□ ژەنرال مستەفا بارزانی لە ١٢ فەریەی ١٩٤٥ ز حیزبی ئازادی لەکوردستانی باشوریدا ساز داوە و لە سپتامبر و ئوکتوربری ١٩٤٥ ز دادرِ دارِی بە سپای شەروانی عیراق داوەو بۆ یارمەتی دانی کۆماری کوردستان، بەرەو مەهاباد، هاتووە.

□ لە ٢٢ ژانویە ١٩٤٦ ز کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەرابەری پێشەوا قازی محەمەد، بە رەسمی راگەیندراوە.

□ لە ئوتی ١٩٤٦ ز حیزبی دێموکراتی کوردستان: پارتی لە باشوری کوردستان بە سەروکایەتی مستەفا بارزانی سازدراوە و لە پاشان کراوەتە ئیتحادیەی دێموکراتی کوردستان و مستەفا بارزانی کراوەتە دەبیرکوللی.

□ لە ماوەی ٢٠ رۆژا ژەنرال مستەفا بارزانی لە ٢٧ مانگی مای و ١٥ ژوئێن لە بارزانە وە بە خوّی و ٥٠٠ کەس لە کورە کورەی کورد و بارزانی خوّیان گەیاندوتە شوّرەوی و ئەو رێپێوانەی بارزانیِ فرەگرینگتر بووە لە رێپێوانی مائو لەچیندا بەراستی بارزانی حەماسەی خولقاندوە وکوردیان بە جیهانیان ناساندوەو هەر لەبەر ئەوەیشە دەبێ بلێین.

## بارزانی و بنەماڵەی بارزانی رۆژە و بەفو ناکوژێنەوە

□ مەستەفا بارزانی و پێشمەرگە بارزانی یەکانی لە شەڕی بەرەی سەقز لە ئاوریل و دیسامبری ١٩٤٦ ز دا بەراستی شێرانە و جوامێرانە حەماسەیان ئافراند.

□ حیزبی ئیتحادیەی دیموکراتی کوردستان کە بارزانی دەبیر کوللی بوو، لە ١٩٥٨ ز لە حوکومەتی عیراق داوای دابین کردنی خودموختاری بۆ کورد و کوردستان کرد.

□ لە ٣ نوامبری ساڵی ١٩٦٠ ز، ژەنراڵ مستەفا بارزانی بۆ و توویژ چووە ئیتحادی جەماهیری شەورەوی و لە ١٣ ژانویەی ١٩٦١ ز بۆ عیراق گەراوەتەوە.

□ لە ٦ ژانویەی سالی ١٩٦٠ ز کەریم قاسم سەرکۆماری عیراق مەجبور بو ئیجازەبدا بەحیزبی ئیتحادیەی دیموکراتی کوردستان کە ناوەکەی کرابووە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەروکایەتی مستەفا بارزانی تا بە ئاشکرا بۆ کاروباری کوردستان تێ بکۆشێ.

□ ژەنرال مستەفا بارزانی و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قاسمیان ویست تا حوقوق و مافی رەوای میللی و نەتەوایەتی کورد، بەرسمی بیناسێ و بە ئاشکرایش رای بگەیێنێ.

□ ناصر لە میسر بە دنەدانی ئەو رەحمان بەزاز لە ساڵی ١٩٦٥ ز بە رەسمی لە حوکومەتی عیراق بە دژی کورد، پشتیوانی کرد و لە ٢٦ ئوکتوبری ١٩٦٥ نوێنەرانی کوردی لە قاهیرە وەدەرنا.

بارزانی لە ١٨ نوامبری ١٩٦٨ ز، شکایەتنامە بۆ سازمانی نێوگەلانی بەرێ دەکاو رای گەیاندوە کە عیراق دەسی داوەتە قەتڵ و عامی کورد.

□ بەرێز مام جەلال (سەرکۆماری ئێستای ٥ - ٢٠٠٦ ز عیراق) کە لە عیراق گەرابۆوە و لەگەڵ ژەنراڵ مستەفا بارزانی ئاشتی کردبو، لە مانگی مای ساڵی ١٩٦٥ ز بە ناوی نوێنەری مەلا مستەفا بارزانی چبوە لەندەن، بەرێز مام جەلال لە لەندەن لە

کۆنفەرانسی چاپەمەنی‌دا رای گرایاندبو کە سپای عیراق لانی کەم لەم دو (٢) دەرگیری ئەم دوایانە، بە دژی کورد، چەکی شیمیایی بەکار بردوە.

□ لە ١٢ فەوریەی ١٩٦٤ ز ـ سەلام عارف ئاگر بەسی راگەیاندو لە ٣ مانگی‌مای قانونی ئەساسی تازەی عیراق، راگەیندرا، کە لە چوارچێوەی وڵاتی عیراقدا حوقوقی میللی کورد، بە نەتەوەی کورد، ئەدەرێ و لە ١٢ی فەریەی ١٩٦٤ ز عەبدولکەریم فەرهام بە ناوی وەزیری کورد کە وەزیری هیدایەتی میللی بوو رای گەیاندوە کە ئاگر بەس لە هەمو هەرێمی کوردستاندا بەرقەرارە.

لە ١٣ ئاوریلی ساڵی ١٩٦٦ ز سەلام عارف و چەن کەسی دیکە بە هیلیکۆپتێرە وە لە هەواوە کەوتن بە عەرزا و سوتان و کوژان و ئەو رەحمان عارفی برای‌لە ١٧ ئاوریلی ساڵی ١٩٦٦ ز ـ کرایە سەرکۆمار

□ لە ۴ مانگی مای ١٩٦٦ ز حوکومەتی عیراق بە چل هەزار، چەکدار و دو هەزار کوردی نۆکەروخۆ فروش و زیاتر لە سەد فرۆکەی جەنگی و هەزاران تۆپ و تانگ، هێرشیان بۆ سەر کوردان برد و پێشمەرگەی بارزانی بە (٣٥٠٠)کەس لە ١١ و ١٢ مانگی مای ١٩٦٦ ز لە (هەندرین و زۆزک) هەروەک هەورە بریسکە برکی، خستە نێودڵو هەناوی شەروانانی عەرەبی عیراقی و سپای ئەو رەحمان عارف و بەزازی تێک و پێک شکاند و قڕی خستە نێویان، گۆیا، ئەو هێرشەی سپای عیراق قەرار وا بووە لە ٥ ئاوریلی ١٩٦٦ ز ئەنجام بدرێ، بەڵام بە هۆی داکەوتنی باڵەفڕی سەلام عارف و یارانی کە سوتان و مردن، ئەو هێرشە بە دواکە وتبو، (رنە موریس) نوسیویەتی زیاتر لە بیست هەزار سپای عەرەبی عیراقی لە هندرین و روزکدا بەدەسی پێشمەرگەی بارزانی و بارزانیان کوشراون، بێجگە لە یەخسیرو زەرە روزیانی نیزامی و کەرەستەی سپای عیراق، دەڵێن: هەر ئەو تێشکانە بووە هۆ تا ئەو رەحمان بەزاز سەر بۆ ژەنراڵ مستەفا بارزانی، دانەوێنێ و لە ٢٩ مانگی ژوئێنی ١٩٦٦ ز بە ناچار تەرحی ١٢ مادەیی، حوکومەتی

خۆی بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لەگەڵ کورد، ڕاگەیاندو مستەفا بارزانی بە نێوی ڕابەرایەتی کورد ئەوەی قەبوڵ کردوە و ئاگر بەسیش کراوە.

□ ئەو ڕەحمان عارف سەرکۆماری عیراق لە ئۆکتوبر دەچێتە کوردستان بۆ زیارەتی مەلا مستەفا بارزانی تا بارزانی دڵنیا بکاو ئەو ١٢ مادە ئیجرا بکرێ و خولاسەی ١٢ مادە کەیش بە مجورەیە: ١ ـ لە قانونی ئەساسی عیراقدا لە سەر بنەرەتی لامەرکەزی نەتەوایەتی و میللیەتی کورد، دەناسرێ

٢. زمانی کورد لە کوردەواریدا، لە کەناری زمانی عەربیدا بە ڕەسمی دەناسرێ و لەزانکۆی بەغایش تەدریس دەکرێ.

٣. نەواحی کوردنشین بە شورای تایبەت بە کورد، بەڕێوە دەبرێ و ئەو شورایە بەرپرسی فێرکردن و بار هێنان و بیهداشت و کاروباری شارەداریە.

٤.کاربە دەستانی کورستان ئەبێ کورد و خەڵکی کوردستان بن

٥ . و...

پەندو مەسەل: ئەگەر تابشت بێنی سەرەنجام، دەبینی کە تەرم و لاشەی دژو دوژمنانت لە بەر، دەروازەی ماڵەکە تانەوە، بەرێ دەکرێ. بەڵێ دیتمان بە چ زەلیلی یەکەوە، سەری صەدام لە ڕوژی شەمە ٣٠ دیسامبری ٢٠٠٦ رو ١٣٨٥/١٠/٩ ی هەتاوی و ٩ زیحەجەی ١٤٢٧ و ٢٧٠٦ کوردی کرابە پەتا

□ حوکومەتی مارزی عیراق لە ١١ مارس ١٩٧٠ ز قەراردادی خودموختاری لە، چەندین مادە دا بۆ ئاشتی کورد، مۆرکردو لە ئەلجەزیرە خیانەتی بە کورد کردو ئەمرۆ، بەو پەری هێزو مرۆڤانی بەرێز مام جەلال تالەبانی بوتە سەرکۆماری عیراق و لەدار درانی صەدامیشی مۆر نەکردو فەرموی: من دژی ئیعدامم و بەرێز سەرۆک مەسعود بارزانی بە هەڵبژاردە لە پارلمانی دەوڵەتی کوردستان بەرەسمی کراوەتە سەرۆکی کوردستان و بەو پەڕی فەخروشاناز یەوە کوردستان فرە ئارام و ئازادە و سەر بە خۆیەو فەرە بە پەلە

# تی‌بینی

تێبینی هه‌مو زانایانی دینی ده‌زانن کاتێ حه‌زره‌تی موسا بۆرزگار کردنی خه‌ڵکی له‌ده‌س زوڵم و زۆر و زۆر ویژی فیرعه‌ون و فیرعه‌ونیان به خه‌ڵکه‌که‌ی وت: وه‌رن له‌گه‌ڵ من یه‌ك که‌ون وپشتی من بگرن تا هه‌م رزگاربین، وه‌ده‌ستی ده‌ست درێژان کورت بکه‌ینه‌وه، وه هه‌م سه‌رزه‌وی پاك و (مقدس)، وه مه‌وعودتان «سه‌رزه‌وی فه‌له‌ستین» بدرێتێ، ویتان: [فَاذْهَبْ اَنْتَ وَ رَبُکَ فَقَاتِلاَ اِنَّا هَیٰهُنَا قاعدون] مائدهٔ ئایه‌تی ۲۴ ـ تۆ برۆ له ته‌ك خوادا له‌گه‌ڵ ئه‌وان به‌شه‌ربێن ئێمه‌لێره، دا ده‌نیشین تائێوه... کلیلی سه‌رکه‌وتن و زاڵمبونمان بۆ دێنن و... خوایش به‌پیێ قورئان وه‌ڵامی دانه‌وه: ئێوه شیاوی ئه‌و سه‌رکه‌وتنه‌نین، موسایش به ئاوری بێ فه‌ری ئێوه ده‌سوتێ و توشی که‌ندوکۆسب ئه‌بێ که فه‌رموی: [قَالَ فَاِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَیْهِمْ اَرْبَعِینَ سَنَةً یَتِهُوْنَ فِی الْاَرْضِ] مائده ئایه‌تی ۲۶ ـ جا ئه‌وه بو چل ساڵ له‌و ده‌شته‌دا مات و دوراو و سه‌ر لێشێواو هه‌رده‌هاتن و ده‌چون و ریگای رزگار بونیان نه‌ده دوزی یه‌وه ـ **راپه‌رینی مه‌لیک غازی شاهی شه‌مزین حه‌زره‌تی قوتبولعارفین سوڵتانی حه‌ق‌خوازان، مه‌ولانا شێخ عوبه‌یدیلایش هه‌ر وه‌ك راپه‌رینی حه‌زره‌تی موسا** بوو که له ۱۸۷۸ی زاینی راپه‌ری و ۲۲۲ که‌سی له سه‌رانی هۆزو نه‌ته‌وه‌ی کورد بانگ کرد تا پشتی رابون بگرن تاله‌بن زوڵم و زۆری قاجار و تورکی عوسمانی رزگاربن و پیێ گوتن [کورد سێ حه‌رفه: کاف: که‌ماڵ و راء: روشدو دال: دین یانی کورد، که‌ماڵ، روشت و هه‌ڵدان و پێگه‌یشتن و تێگه‌یشتن و دین و مه‌رام و ئیدئولۆژی هه‌یه ـ له پاشان فه‌رمویه‌تی: ده‌بێ یه‌ك بین و پشتی راپه‌رین و یه‌کترین بگرین و فه‌رهه‌نگ و زمان و ئه‌ده‌بی خۆمان بپارێزین و گه‌شه به زمان و ویژه و ویژه‌وانی و هونه‌ری کوردی بده‌ین، یه‌ك‌بین تا سه‌رکه‌وین، به‌ڵام سه‌رانی کورد، پشتیان کرده کورد و رویان له قاجار و توکی عوسمانی کردو پشتی شێخ و راپه‌رین‌یان چۆل کردو ده‌ستیان گرت به کلکی دژ و دوژمنانی کورد و کوردستان، شێخیش به

ئاوری ئەو بیفەڕانە توشی کەندوکۆسب بوو، لە ساڵی ١٣٠١ ی مانگی دوای گیران و دەست بەسەری و ئازاریَ زۆر، برایە تایف و مەکە و لە ١٣٠٢ی مانگی لەویَ بەداخ و بەدیقی نالیَکی و ناکۆکی کورد با رگەی بەرەولای خواتیکناو هەرلەویش دور لە نیشتمان نیژرا.

**یا رابەری کەبیر و مەزن و قارەمانی هەمیشە زیندوی کورد و کوردستان کولێنیل مستەفا بارزانی** بە حەڵکەکەی فەرمو: وەرن یەکبین تا لە دەس زوڵم و زۆر و زۆر ویژی تورك و عەرەب و عەجەم رزگار بین و ولات پاریزبین و خۆمان بۆ خۆمان بین بەلام بەداخ و کە سەرەوە، کوردە، خۆ بەزاناو زۆرزان، پشتیان لە راپەرین و خەباتی پیشەوا ژەنرال مستەفا بارزانی کرد و راپەرینیان بەجێ هێشت و پاڵیاندا بە دژ و دوژمنانی کوردو کوردستان و بونە پیاوی صەدامی بەغدایی، هەرچەند لە سای تێکی ئنترنیتا هاتووە کە لە بەریز مام جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری فیدالی عیراقیان پرسیبو، هەڵەی تۆ لە ژیاندا چبووە، فەرمویەتی:گەورەترین هەڵەی من، ئەوە بوو کە لە بەریز مستەفا بارزانی جیا بوومەوە، کورد **فەرمویەتی: (دوای باران کە پەنک)**، هیوا دارین کورد و رابەرانی کورد. لەمەو لا، پشتی یەکتر بەرنە دەن و هەمیشە بۆ وەحدەت و یەکیەتی بەدڵ وگیان بکۆشن تازیاتر و زیاتر سەرکەون. جا هەروەك موسابە تاوانی هۆزەکەی سوتاو و تا چل ساڵ سەرگەردان وگرفتار بوو، مستەفا بارزانی رابەری کەبیر و مەزنیش توشی نەهات هات وگۆلۆلەی کەوتەلیژی، دوبارە کورد و کوردستان کەوتنە بن چرنوکی خوینَاوی دژ و دوژمنان، چ صەدام، چ حەمەرەزای پەهلەوی و چ تورکی عوسمانی، چ ئەسەدو زەرافەکەی کوری، هەروا لە ساڵی ١٩٧٩ ز ـ کوردەکان لەکاتی شۆرشی گەلانی ئیَران، **ئازادی بە سەریاندا، باری**، بە داخەوە، چون یەك نەبوون و لە یەکتر نەبان بوون، دژی و دوژمنی یەکتریان، **دەکرد، نەیان توانی لەو دەفەتە، زیَرینە، کەلك وەر بگرن** و دوای ئاوارە بونی سەرانی حیزب، خەڵکی کورد، بە ناهومیێدی کەوتەبن دەس

زاڵمان و کرمی داگیرکەر، لەشی کوردی لە ناوەوە خوارد. ـ دیارە لە نێوان ئەم ٣ راپەرینە، راپەرینی دیکەی کوردمان هەبوو، نەگەیبون. **ئێستاگەیوەو راپەرین خەریکە بە ئاکام** و بە ئانجی نیشتمانی خۆی دەگا. کورد، فەرمویەتی: «ئاش بەنورەیە = نورەی ئێمەیش دێ / ئیتر بە یەقین (شیعری: شەپۆل) (و تلكَ الایّام ندا و لُها بین الناسِ) ئەم ئایەتە، واتای ئەو، مەسەلە کوردی‌یە، دوپاتە دەکا. دیارە ژیان ئەزمون و فێربونە، فێربون لە تەجرەبەی خەڵکی دیکە، دیارە نەتەوەی کورد، هەم فرە ئەزمونی بە دەس هێناوە و شێرانە و مێرانەیش بە رخودانی لە خۆی نیشان داوەو بەر خودانیش، ژیان و ژیان هێنەرە. شتێ کە جێیێ دڵ خۆشیە، ئەوەیە کە بەزێز ژەنراڵ مستەفا بارزانی لە ژیانی خۆیدا خەبەر داربوکە بومدیەنی ئەلجەزایر، بە هۆی ئەوخەیانە تەگەورە کە سەبارەت بە نەتەوەی کورد، کردی، بە نەخۆشی نەجاسەتی خۆی دەخواردو حەمەرەزای پەهلەویش بەتف و لە عنەت لە ئێران دەریان کرد و بێ وەتەن گوڕی گوم کردو صەدامیش پەتی لەمل خرا و بەرەو گوڕبرا، **ئەوانە باشترین نیشانەن کە نورەی نەتەوەی کورد، هاتووە، تادەوڵەتی ئازادو سەربە خۆیی هەبێ** و کوردستانێ ئازاد و ئاوەدان و پڕلە خێر و خۆشی، پڕ بە ئامێتر بگرێتە باوەش و ئۆخەی و ئۆقرەو ئارام بەگرێ.

هەژاردەڵێ: باوەشی گەرمی بوداخ سوڵتانی ـ لێرەوە تێ پەڕی غەوسی سانی. (مەبەست شێخ عەبدولقادر بن مەلیك غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزینە، کە لە مەهاباد ـ ەوە هاتووە و شاری مەهابادی کردوتە پێکە و پێتەخت. ـ

دونێر donery زاناو بیروردی ئوروپایی دەڵێ [گرینگترین هۆکە ئوروپا بە نێوی کیانی موتەجانیس و شوێدانەر، کە بە خوێدا هات و دەرکەوت و سەرکەوت بە مجۆرە بوون: ١ ـ هەبونی زمانی لاتین ٢ ـ ئەدەبیاتی کون ٣ ـ روناک بیران یا ئێنتێلجنسیا، کە لە سەدەی سێزدەی زایینی یەوە، لە زانکۆکانی هاووێنە دەسیان کرد، بە دەرس و وانە گوتنەوە. منیش دیتم زمان و شیعری عەلی عەریری و حەکیم ئەحمەدخانی، مەلای جزیری و بێسارانی و حەکیم مەولەوی کورد و حاجی قادرو... زاناو نوسەرو مامۆستای دەرس بیژی زانینگەو زانکۆمان هەیە، قورئانم هێنایە سەر زمانی شیرینی رۆژباوی کوردی، **تا زمانی کوردی ببێتە، زمانی قورئان و لە نێو خەڵکدا قیداسەت پەیدا** پکاو کەس نەوێرێ زمانی کوردی قەدەغە بکاو ئەوانەی هوگری قورئانن لە رێگای قورئان خوێندنەوە، باشتر هوگری زمانی شیرینی کوردی بن و لەو رێگا یەوە، زیاتر پەرە بە زمانی کوردی بدرێ.

دوای پرس و رالە گەڵ دۆستان، وەختی چاوپێکەوتنم لە گەڵ ئاغای پەهلبود، زاوا ی حەمەرەزا شاو وەزیری فەرهەنگی ئەو سەردەم، وەرگرت و قوئانە کوردی یە کەی خۆم و کتێبێ کە دوکتور سەعیدخانی کوردستانی: ئینجیلی وەرگێڕا بووەسەر زوانی کوردی کە لە ساڵی ١٣٠٩ هەتاوی کڵێسەیێ لە شەقامی قەوامو سەڵتەنە لە تاران بە ناوی مزگانی نەزانی بە کوردی بۆی چاپ کردبو و پێشە کییە کی وردی پڕواتای بەفارسی بۆ نوسیبوو بردم و چومەلای پەهلبود، لە پێشدا ئینجیلە کوردی یە کەم دادەسی و پێم وت:

ئەمە کڵێسە لە چاپی داوە، دیارە خەڵکی کورد، کە ئەمە بخوێنێتەوە، هۆ . گری بۆ دینی حەزرەتی عیسا پەیدا دەکا، منیش قوئانم هێناوەتە سەر زمانی کوردی تا خەڵکی باشتر لە قورئان حاڵی بن و لە سەر دینی خۆیان زیاتر سوربن، پەهلبود، فرە بە پلە چاوێکی بە سەر، پێشە کییە کەیدا، گێڕاو تەماشای کوردی یە کەیشی کردو دانیاو قورئانە کوردی یە کەی لێوەرگرتم و تەماشای کرد-لە پاشان، لەسەر میزی بەردەمی خۆی داینا و منیش وتم بۆیێ هاتوم لوتف بکەی بۆم لە چاپ بدەن، لەوە لاٚمدا وتی: ئێمە ناتوانین قورئان بە کوردی لە چاپ بدەین، چونکا کوردی گویشە (: بنزارە) ئەگەر قورئان بە کوردی لە چاپ بدرێ و بڵاو ببێتەوە، کوردی پڕهێز و قەوی دەبێ و ئەوەیش زەرەر و

زیان بە زمانی فارسی دەگەیێنێ و هەرچی شێرو ڕێویم بۆهێنایەوە کەڵکی نەبوو بەدڵ ساردی لەلای هەستام و لێمداروێشتم.

شوکر بۆخوا بە پێی پەروەندەی کلاسە ٤٨١/٤/٨٢ و ژمارەی دادنامەی ٢٥٦ شوعبەی ٣ دادگای تەجدید نەزەری ئوستانی تاران لە ١٣٨٥/٦/٧ هەتاوی تەجدید نەزەری کارناسی ڕەسمی وەزارەتی دادگوستەری (عەلی بیانی فەر)، ریشتەی کێتب و کێتبداری و بە ریعایەتی مەوازینی شەرعی و قانونی و تەشریفاتی دادرەسی بە ئیستینادی ماددەی ٣٥٨ قانونی دادگای بەدەوی ستادی مەنتەقە ٢ سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی مەحکوم و رای قەتعی دراوە و جێی قسە نەماوە. جێی ورد بونەوە یە کە کارناسی (عەلی بیانی فەر) لەراپورتی ٨١/١٠/٣ خوێندا، بە پێی نامەی ژمارەی ٣/٢٣٥١٣ مورەخەی ٧٩/٥/٢٠ کە تاریخی ئیمزاکەی ٧٩/٧/٢٦ یە کەلە لایەن سازمانەوە بە تیژاژی ١٠٠٠٠ دانە ئیجازەی چاپی ئەو قورئانە کوردی‌یە بە بلاوکی ئاداب لە چاپخانەی جیهان لە مەشەهەد، ئەملاولا دراوە، هەروا رای گەیاندوە کە غەیرە موجاز،لە چاپخانەی پیروز و هەندێ کەس لەم لاو لەو لا لە چاپ دراوە و لە جەلەسەی ٨١/٩/٢٥ لە قوم ئەوەیان راگەیاندوە و کارناس رایگەیاندوە ئەو قورئانە بە زمانی کوردی ٤ جار لە تیراژی ٥٠٠٠ و ٣ جار لە تیراژی ١٠٠٠٠ جەڵد، کە بە تیکرا لە ٥٠٠٠٠ نوسخە لە چاپ دراوە و سازمان مەجبور بووە بە پێی سەنەدی کەتبی دیان بەو پەنجا هەزار چاپ کراوەدا بنێ و هەروەها کارناسی ناو براو ئەوە کە **واتای ئایەتی ٦ سورەی مائیدە لە** بابەت وضو ودەسنوێژەوە لە چاپی ئەوەڵ بە پێی بیروبروای موتەرجیم ئاغای دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) ئوستادی زانکۆی تاران کە ئەهلی تەسەنونە، لە چاپدراوەو لە چاپی دوەمدا، واتاکەی گۆڕدراوە و لەگەڵ چاپەکەی ئەوەڵ یەک ناگرێتەوە،مافی وێراستاران نەبووە کە خویان بە ناو بە موحەقیق داناوە، ئەوان، نە شەرعەن نە قانونەن حەقی دەسکاری واتای ئەو ئایەتەیان نەبووە و لە باتی ئەوە، خۆیان بە شێوەی بیروڕای خویان قورئانیان تەرجەمە بکردایێ نە ک دەس لە سەرمایەی فیکری موتەرجیم بدەن. عەلی بیانی فەرکناسی ڕەسمی وەزارەتی دادگوستەری ریشتەی کێتب و کتێبداری ٨١/١٠/٣ ژمارەی نامە ٨١/٥٤ مۆر و ئیمزا.